www.kurdistannet.org

Democratic Party of Iranian Kurdistan's
Publication Center

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیسیۆنی چاپەمەنی

# بانگەواز

## بۆ حیزب و ڕێکخراوە دێموکراتەکان و کۆڕو کۆمەڵەو مرۆڤە ئازادیخوازو ئینساندۆستەکان

لە ٣٠ی ڕەزبەری ١٣٧٥ (٢٢ی ئۆکتۆبری ١٩٩٦)دا، ٦ تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە وەك پەنابەر لـە کوردستـانی عێراق دەژیان، لە نزیك شاری هەڵەبجە لەلایەن ئەفرادی چەکداری "بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان" گیران و تـەحویلی ڕێـژیمی ئینسـانکوژی کۆماری ئیسلامیی ئێران درانەوە. لەو کاتەوە تا ئێستا ئەو ڕێژیمە لە دانو بڵاوکردنەوەی هەرچەشنە زانیارییەك لـەبارەی چارەنووسـی ئـەو ٦ کەسەوە خۆی بواردوەو بنەماڵەو کەسوکارو هاوڕێیانیان تا ئێستا نازانن ئەو خۆشەویستانەیان چیان بەسەر هاتوە. ئەگەر ماون، لە کوێن و لە چ وەزعێك دان؟ ئەگەر شەهید کراون، تەرمەکانیان لەکوێ بەخاك سپێردراوەو چیان لـێ کراوە؟

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەبەستی ڕوونبوونەوەی چارەنووسـی ئـەو ٦ تێکۆشـەرە، لـە نامەیـەکدا داوای یارمەتیی لە سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێز کوفی عەنان کردوە. داوا لە هەموو حیزب و ڕێکخـراوە دێموکراتـەکان و کۆڕو کۆمەڵ و ناوەندو ئینسانە ئازادیخوازو مرۆڤدۆستەکان دەکەین، بە ڕاگەیاندنی پشتیوانیی خۆیان لەو داخوازەی حیزبی دێموکرات، دەنگـی خۆیان تێکەڵی هاواری بنەماڵەو کەسوکارو هاوبیرانی ئەو تێکۆشەرە بێ‌سـەرو شـوێن کراوانـە بکـەن. بـا بـە هـاودەنگیی یـەکترو داوای بـە کۆمەڵمان، پشتی هەوڵە ئینساندۆستانەکان بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی چارەنووسی ئـەو مرۆڤـە تێکۆشـەرو ئازادیخوازانـە بگـرین و کۆمـاری ئیسلامی سەرئەنجام ناچار بکەین ڕاستییەکانی پێوەندیدار بەوانەوە ئاشکرا بکا.

پشتیوانی لە نامـەی حیزبـی دێمـوکرات بـۆ بـەڕێز کـوفی عـەنان، هـەروەها بـەمانای مـەحکووم‌کـردن و وەبیرهێنانـەوەی ئـەو کـردەوە ئینسانفرۆشانەیەشە کە ڕێکخراوی "بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان" لێی بەرپرسیارەو دەبێ لە بەرامبەریدا، وەڵامدەر بێ.

داوا دەکەین بە ڕاگەیاندنی پشتیوانیی و بە زیادکردنی ناوو ئیمزای خۆتان لە نامەی حیزبی دێموکرات بۆ بەڕێز کـوفی عـەنان، لـەو هەوڵـە مرۆڤدۆستانەیەدا بەشدار بن. پێشەکییش لەوە کە بۆ ئەو مەبەستە ئینسانیی و خێرخوازانەیە بە دەنگمانەوە دێن، سوپاستان دەکەین.

دەتوانن بە نووسینی نامەو بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراو، بەم ئیمەیلانەی خوارەوە یا لە ڕێگای پێوەندی‌گرتن بـە نوێنەرایەتیـیـەکانی حیزبـی دێموکرات و ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران و ڕۆژنامەی "کوردستان" پشتیوانیی خۆتان ڕابگەیەنن:

bangawaz@kurdistanmedia.com

kurdistanmedia@yahoo.com

**کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**٢٣ی ڕەزبەری ١٣٨٢ی هەتاوی**

**١٥ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٣**